پرۆژەی «پەپوولە» بۆ منداڵانی کورد   ١٠

# کۆمەڵە مشکێک

یوسف عەبدولقادر رەسول


دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

**ئاراس**

زنجیرەی رۆشنبیری

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

کتێب: کۆمەڵە مشکێک
ئامادەکردن و وێنەکێشانی: یوسف عەبدولقادر
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٦٦
دەرهێنانی هونەری: شکار عەفان نەقشبەندی
پیت لێدان: دلاوەر صادق ئەمین
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
هەولێر- ٢٠٠١
لە کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی رۆشنبیری و هونەر
ژمارە (١٩٣)ی ساڵی ٢٠٠١ی دراوەتێ

* * *

# کۆمەڵە مشکێک

ماڵێک مشکێکی زۆریان دەبێ و، خاوەن ماڵەکە بە بوونی ئەو هەموو مشکانە لە نێو خانووەکەدا بێزار و نارەحەت دەبێ، بۆیە بڕیاری ئەوە دەدات بە هەر شێوەیەک بێت لە نێو خانووەکەدا دەریان بکاتە دەرەوە، رۆژێکیان دەچێتە بازاڕ و پشیلەیەکی گەورە دەکڕێ و دەیخاتە نێو سەبەتەیەک و دەیهێنێتەوە و، پشیلەکە لە نێو ماڵدا بەرەڵڵا دەکات، پشیلەکە هەر دەسووڕێتەوە و دەمیاوێنێ، مشکەکان کە گوێیان لە دەنگی پشیلەکە دەبێ زۆر خەمگین دەبن، چونکە دەزانن، کە ئیتر ناتوانن سەر لە کونەوە دەربێنن، بۆیە ناچار دەبن لە نێو خۆیاندا کۆبوونەوەیەک بکەن بۆ ئەوەی بڕیاری ئەوە بدەن چی بکەن و چۆن لەم پشیلە ترسناکە رزگاریان بێت.

لە کۆبوونەوەکەیاندا هەر هەموویان لەسەر ئەوە رێک دەکەون شتێک بکەن، بۆ ئەوەی ئەو پشیلە بەدفەڕەی هەراسانی کردوون لەو ماڵە وە دوور بخەنەوە.

یەکێک لە مشکەکانی دەڵێ:

«بە ڕاستی پشیلەکە هێندە وە دووم کەوتووە، زۆری ماندوو کردووم و هیچ هێزم تێدا نەماوە».

ئەوەی دیکەیان دەڵێت:

«سەیری کلکەکەم بکەن، ئەوەتا نیوەی زێتری قرتاوە هێندەی وەدووم کەوێ و لە دواوە کلکم بقرتێنی و بۆی نەگیرێم».

ئەو مشکەی لە هەموویان بچوکتر دەبێ دەڵێ:

«من پێشنیازی ئەوە دەکەم زەنگوڵەیەک لە ملی پشیلەکە بکەین، ئیتر ئەوسا بە ئارەزووی خۆمان دێین و دەچین، چونکە هەر کاتێ گوێمان لە دەنگی زەنگوڵەکە بێت، ڕادەکەین و خۆمان دەشارینەوە».

مشکەکان هەر هەموویان چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و دەڵێن:

«هەی سەد ئافەرین، بە ڕاستی ئەمەیان فێڵێکی باش و پەسندە، هەر بژی بۆ خۆت و پێشنیازەکەت».

بەڵام ئەوەی لە هەموویان بە تەمەنترە پیرە مشکێک دەبێت، زۆر بەم پێشنیازە کەیف خۆش نابێت، دەڵێت:

ئەگەرچی بۆچوونێکی باشە، بەڵام ئەنجامدانی زۆر لەوە زەحمەتترە، کە بیری لێ دەکەنەوە؛ بەڵام من پرسیارێکتان لێ دەکەم، ئایا کێ لە ئێوە هێندە ئازا و بە جەرگە، کە بتوانێ ئەو زەنگوڵەیە لە ملی پشیلەکە بکات.

مشکەکان کە ئەم قسەیان گوێ لێ دەبێت، یەک سەیری ئەوی دیکە دەکات و، کەسیان وەڵامی مشکە پیرەکەیان بۆ نادرێتەوە، بۆیە وا چاکە ئەوەی کارێ لە خۆی ڕانەبینێ، باپێشنیازیش بۆ خەڵکی دیکە نەکات.



# سەگ و ڕێوی و کەڵەباب

جارێکیان سەگێک و کەڵەبابێک دەبن بە دۆست و پەیمان بە یەکتر دەدەن، کە بە بێ یەکتری هیچ نەکەن. ڕۆژێ لە ڕۆژان بە یەکەوە لەنێو دارستانێکدا پیاسە دەکەن و شەویان بەسەردا دێت، دەیانەوێ تۆزێک بخەون و بحەسێنەوە، کەڵەبابەکە دەچێتە سەر لقی دارێک و سەگەکەیش لە ژێر دارەکەدا دەخەوێت، لە ناکاو ڕێوییەک پەیدا دەبێ و لەدڵی خۆیدا دەڵێ: «ئەگەر بتوانم فێڵێک لەو کەڵەبابە بکەم بۆ ئەوەی لەسەر ئەم لقە دارە بێتە خوارەوە، ئەوە ژەمە خواردنێکی باشم دەست دەکەوێت».

کاتێ کە کەڵەبابەکە دەست بە قووقە قووق دەکات، ڕێوییەکە پیرۆزبایی لێ دەکات بۆ ئەو دەنگە ناسک و خۆشەی، کە هەیەتی؛ بەڵام داوای لێ دەکات لە سەر لقە دارەکە بێتە خوارەوە هەتا باشتر گوێی لە دەنگە خۆشەکەی ببێت، کەڵەبابەکەیش زۆر بە خۆشحاڵییەوە پێشنیازەکەی پەسند دەکات، چونکە ئاگای لە فێڵی ڕێوییەکە نییە، کە نیازی خراپە و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەو پلانەی دایناوە بیخوات.

بەڵام کەڵەبابەکە لەبەر ئەوەی پەیمانی بە دۆستەکەی خۆی داوە بە بێ یەکتر هەرگیز هیچ نەکەن و، نەشی دەویست بە بێ ئاگاداری ئەو داواکەی ڕێوی قەبووڵ بکات، بۆیە پێش ئەوەی لە سەر لقی دارەکە دابەزێتە خوارێ، داوای لە ڕێوییەکە کرد، کە ئەگەر بێت و ڕەزامەندیی سەگەکەی دۆستی وەربگرێ ئەوە زۆر باشترە، ئەگینا ئەو هیچ لاری نییە و دێتە خوارەوە.

منداڵە ئازیزەکان؛ کەڵەباب و ڕێوییەکە لەم مشت و مڕە دا بوون، کە سەگەکە خەبەری بووەوە و، هەر زوو لە مەبەستە گڵاوەکەی ڕێوییەکە گەیشت، کە دەیەوێ هەر وا بە ئاسانی دۆستەکەی بخوات، بۆیە بێ سێ و دوو لێکردن ڕاوی ڕێوییە فێڵبازەکەی ناو، وای ترساند کە جارێکی دیکە نەوێرێ لەو دەڤەرە نزیک بێتەوە.

منداڵە خۆشەویستەکان، دەزانن کەڵەبابەکە لە بەرامبەر ئەم چاکەیەی سەگەکە چی کرد؟

بێگومان زۆر زۆر سوپاسی ئەو دۆستە دڵسۆز و وەفادارەی خۆی کرد و، ئیتر لە گەشتەکەیاندا بەردەوام بوون و، ئەو پەیمان و بەڵێنەی بە یەکتریشیان دابوو، دۆستایەتی هەردووکیانی قووڵ و بە هێز تر کرد.



## مشكی لادێ و مشكی شار

ڕۆژێكیان مشكی لادێ مشكێكی دۆستی، كە لە شار دەبێت و میوانداری دەكات، مشكەكەی لادێ خانووێكی بچووكی دەبێ، بەر لە هاتنی دۆستەكەی دەست بە خاوێن كردنەوەی خانووەكەی دەكات و زۆر ئەزیەتی پێوە دەخوات، چونكە خانووەكەی زۆر بێ كەڵك دەبێت.

مشكەكە بۆ ئەو میوانداریيە هەرچی لە خۆراك و خواردن پاشەكەوتی كردووە، وەكو گوێز و فستق و گوڵەبەڕۆژە بۆ دۆستەكەی حازر دەكات.

لەكاتی دیاری كراودا مشكی شار دەگات، دوای سڵاو و بەخێر هێنان و ڕێز لێ گرتن، هەرچییەكی ئامادەی كردووە لەبەر دەم دۆستەكەی دادەنێ؛ بەڵام مشكی شار كە سەیری خانوو و خواردنەكە دەكات زۆر نارەحەت دەبێ و، پێی دەڵێ:

«دۆستی ئازیزم، تۆ چۆن لێرە دەژی و دەحەوێیتەوە، لەوە دەچێ ژیانێكی زۆر سادە و ساكار بەسەربەری و، هیچ شتێكی دیار و بەرچاوت نییە، من بە پێچەوانەی تۆ خانووێكی زۆر خۆشم هەیە و، هەموو خۆشییەكی ژیانیشم مسۆگەرە و، لە خواردنیشدا هەرچییەكی مەبەست بێت هەمە و، هیچ كاتێكیش لەمبارەیەوە لەڕوو دانامێنم».

مشكی لادێ، كە ئەو هەموو قسانەی گوێ لێ دەبێ زۆر شەرم لە خۆی دەكاتەوە، ناچار هەندێ كەل و پەلی خۆی كۆ دەكاتەوە و لە گەڵ دۆستەكەی بەرەو شار بەڕێ دەكەوێ، كە لە شار نزیك دەبنەوە، مشكی لادێ بۆ یەكەمین جار گوێی لە دەنگی ئۆتۆمبێل دەبێ و، چاویشی بە قەرەباڵغی و ڕووناكی و گڵۆبی ڕەنگاو ڕەنگ و بریقەدار دەكەوێ، سەرەتا زۆر دەترسێ؛ بەڵام كە دەگاتەماڵی دۆستەكەی زۆر خۆشحاڵ دەبێ، چونكە ماڵی دۆستەكەی زۆر لە ماڵەكەی خۆی خۆشتر دەبێت.

هەردوو مشكەكە بە ڕێگاوە هاتبوون زۆر ماندوو بووبوون، ماوەیەك بە یەكەوە گفتوگۆ دەكەن، زۆری پێ ناچێ شەو دادێت، ئینجا دوو بەدوو مێزەكە بە خواردن دەڕازێننەوە خواردنی جۆراو جۆر لە شیرینی و پەنیر و گوێز و فستق ئامادە دەكەن و خواردنەوەی خۆش و بەتام و چێژیش لەگەڵیدا دادەنێن و، بە دڵێكی خۆشەوە دەست بە خواردن و خواردنەوە دەكەم، زۆری پێ ناچێ لەپڕ پشیلەیەكی گەورە لێیان





وەڕژوور دەکەوێت، ئیتر هەردوو مشکەکە ئاگایان لە یەکتری نامێنێ و هەر یەکەیان بە لایەکدا دەچێ و هەرچی چۆنی بێ خۆیان رزگار دەکەن.

پاش ماوەیەک، کە هەست دەکەن ژوورەکە ئارامە و کەسی بیانی تێدا نەماوە، هەر دوو مشکەکە دێنە دەرەوە و هەموو گیانیان ترس و لەرزە، مشکی لادێ بە مشکەکەی شار دەڵێ: هاوڕێ گیان، دەبێ بمبووری من دەگەڕێمەوە ماڵەکەی خۆم، چونکە ئەو خانووە کۆنەی هەمە و، ئەو گوێز و فستەقەی ئەوێ و، ئەو ژیانە سادە و ساکارەی لە لادێ بەسەری دەبەم زۆر زۆر بۆ من لەم ژیانە ئاڵۆز و پڕ مەترسییەی شار خۆشترە، ئیتر مشکی لادێ دەست دەکاتە ڕاکردن و بەرەو ماڵەکەی خۆی دەگەڕێتەوە و، زۆریش شوکری خوا دەکات، کە لە چنگی پشیلەکە رزگاری بووە.

ئیتر هەر لەو ساوە مشکی لادێ ژیانێکی سادە و ساکار و ئاسوودە و خۆشتر و باشتر لە ژیانی پڕ مەترسی و سەروەت و سامانی شار بەسەر دەبات.





# مەیموونێکی فشەکەر و دۆلفینێک

دەگێڕنەوە و دەڵێن؛ جارێکیان مەیموونێک بە سواری کەشتی لە شارێکەوە بەرەو شارێکی دیکە دەچێت و، دەیەوێ خۆشی وا نیشان بدات، کەوا زۆر ژیر و وریایە و، ناو بەناویش لە خوارەوە تا سەرەوە بە چارۆگەی کەشتی‌یەکەوە هەڵدەگەڕێ و دێتە خوارەوە، بەم کارەیشی زۆر شانازی دەکاو، زۆریش لە خۆ بایی دەبێ، تا جارێکیان کە لە سەرەوەی چارۆگە کەشتییەکەوە دەبێ، لەپڕ با و بارانێکی زۆر دەست پێ دەکا و زۆریش بە هێز و گوڕ دەبێ مەیموونەکە لەسەری سەرەوە هەڵدەداتە خوارەوە و دەکەوێتە نێو ئاوەکە.

مەیموونەکە هاواری لێ هەڵدەستێ و داوا دەکات یارمەتی بدەن، کەشتییەکەش هەر لەرۆیشتنی خۆی بەردەوام دەبێت و، کەسیش گوێی لە هاواری مەیموونەکە نابێت، لەو کاتەدا دۆلفینێک چاوی لێ دەبێ، کە مەیوونەکە لەبار و دۆخێکی زۆر خراپ و نالەبار دایە و، زۆری نەماوە بخنکێ، بەزەیی پێدا دێتەوە گورج مەیموونەکە سواری پشتی خۆی دەکات تاوەکو رزگاری بکات.

کە هەردووکیان بەرەو شار بەڕێ دەکەون، لە ڕێگا جارێکی دیکە مەیموونەکە خەریکی فشە و درۆی خۆی دەبێت و هەر بە بەژن و باڵای خۆیدا هەڵدەدا، گوایە گیاندارێکی زۆر بە سوود و بایەخ و گرنگە و، بە دۆلفینەکە دەڵێت:

«من هەموو کەس و گیانداران دەناسم و، ئەوانیش هەموویان من زۆر چاک دەناسن، من دۆستێکی زۆر نزیکی پاشای ئەم شارەم، ئەگەر پاشا بزانێ تۆ یارمەتیت داوم و لە مردن رزگارت کردووم، بێگومان خەڵاتت دەکات.

دۆلفینەکەش کە ئەم قسانەی گوێ لێ دەبێ، لێی دەپرسێ:

ئایا تۆ باش شارەزای ئەم شارەی؟


ئەویش دەڵێ بەڵێ زۆر باش شارەزام و دەشزانم هەر ئێستا لەسەر داوای پاشای دۆستم لە کۆشکەوە ئەسپ و گالێسکەم بۆ ئامادە کراوە و، هەر خۆیشی دێتە پێشوازیم و، نیازیشم وایە هەر لە کۆشکی پاشا ئەوەی، کە هەمووی لە زێڕ دروستکراوە بمێنمەوە.

هەر کە لە شارەکە نزیک دەبنەوە دۆلفینەکە سەیری دەوروبەری شار و قەراغ ئاوەکە دەکات، نە ئەسپ و نە گالێسکە و نە کەسیش دەبینێ لەو شارەدا بژیێت، ئیتر بە ناچاری مەیموونە فشەکەرەکە بەجێ دێڵێ و، هەر لە قەراغ ئاوەکە بۆ نێو ئاوەکە دەکشێ و خۆی نقووم دەکا و دەڕوات.

منداڵە ئازیزەکان؛ راستیان گوتووە، کە درۆ دوژمنی مرۆڤە و، ئەوەیش درۆ بکات رۆژێک هەر دێت، کە هەقیقەتی درۆکەی وەدەر بکەوێت و، شەرمەزاریش ببێت.

Your lies will always find you out.







# گورگێکی زیرەک و حاجی لەق لەقێکی نەزان

دەڵێن گورگێک مریشکێکی گەورە و قەڵەو راو دەکات و پاشان دەیخوات؛ بەڵام هەندێ ئێسکی مریشکەکەی لە قوڕگیدا عاسێ دەبن.

گورگەکە زۆر زیرەک دەبێ و پەنا بۆ باڵندە و ئاژەڵەکان دەبات و داوای یارمەتییان لێ دەکات.

قەلەڕەش دەڵێت: بۆ یارمەتیت بدەم، خۆ تۆ هیچ کاتێک خۆت لەمن نەگەیاندووە، وا ئەمڕۆ ئیشت پێم هەیە بۆیە داوای یارمەتیم لێ دەکەی. بەڵام من ناتوانم یارمەتیت بدەم چونکە کارم زۆرە و سەرقاڵی ئەنجامدانیانم.

– ژیشک دەڵێت: ئەوە دەڵێی چی؟

– شێرەکە لەو لاوە سەر بەرز دەکاتەوە و دەڵێ؛ نەختێ دەنگت بەرز بکەوە تاوەکو گوێمان لێت بێ.

گورگەکە دەڵێت: ئەوەی راستی بێت هەر یەکێکتان یارمەتیم بدەن دیارییەکی باشم هەیە پێشکەشی دەکەم.

لەملاوە حاجی لەق لەقی نەزان لەگەڵ خێزانەکەی خەریکی قسە کردن دەبێت و، دەڵێت:

«من دەچم یارمەتی دەدەم، چونکە دوور نییە ئەو دیارییەی پێشکەشمانی دەکات پێی دەوڵەمەند ببین».

حاجی لەق لەق ئەم قسەیە دەکات و، هێور هێور لە گورگەکە نزیک دەبێتەوە و دەنووکە درێژەکەی بۆ نێو گەرووی گورگەکە شۆڕ دەکاتەوە و ئێسکەکەی بۆ دەردێنێت و بە گورگەکەیش دەڵێ: «وا یارمەتیم دای و رزگارم کردی، دە ئەگەر راست دەکەی دیارییەکەم بدەرێ».

گورگەکە لە قاقای پێکەنین دەدات و، دەڵێت: «لەق لەق گیان تۆ دیارییەکەت وەرگرتووە، ژیانی خۆت لە منەوە دیارییە بۆ تۆ، بە تایبەتی تۆ زۆر بەختەوەر بووی و شوکر بە بەوەی، کە سەرم نەقرتاندووی، دە فەرموو بڕۆ خودا حافیزت بێت.

منداڵە ئازیزەکان؛ لەق لەقەکە نەختێ رۆیی و هەڵوەستەیەکی کرد و گوتی:

هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە مەبە کەسێکی فێڵباز لە بەرامبەر چاکەکەتدا پێت بڵێت سوپاس.

If you expect qrascal to say thank you, you will be disappointed.

# ڕێوییەکی فێڵباز و بزنێکی نەزان

جارێکیان ڕێوییەک زۆر بە خێرایی ڕای دەکرد و لە ناکاو کەوتە نێو بیرێکەوە، زۆری هەوڵدا بێتە دەرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی دەوروبەری بیرەکە تەڕ و لووس بوو زوو زوو هەڵدەخلیسکا و دەکەوتە خوارەوە و نەیدەتوانی لە بیرەکە بێتە دەرەوە. ڕێوییەکە لە هەوڵەکانیدا زۆر بێ ئومێد و خەمبار بوو، لەپڕ گوێی لە خشپەی پێیەک بوو، کە بەرەو بیرەکە دەهات، کە سەری هەڵبڕی بینی بزنێکی شاخ درێژە و هاتۆتە سەر لێوی بیرەکە.

بزنەکە سڵاوی لە ڕێوییەکە کرد و، گوتی؛ مام ڕێوی من چاوم باش نێو بیرەکە نابینێ، ئایا ئەم بیرە هیچ ئاوی تێدایە؟.

ڕێوییەکە لە وەڵامدا گوتی؛ بەڵێ ئاوێکی زۆر باش و خۆشی تێدایە.

بزنەکە جارێکی دیکە پرسییەوە و گوتی؛ ئایا ئاوەکەی زۆرە یان کەمە؟

ڕێوییەکە ئەمجارەیان گوتی: دە فەرموو برادەری ئازیز کەرەم کە و خۆت وەرە سەیری ئاوەکەی بکە باشترە.

ڕێوییە فێڵبازەکە دەیەویست فێڵێکی باش لە بزنەکە بکات و خۆی رزگار بکا؛ بەڵام دیارە بزنە گەمژە و نەزانەکە نەیدەزانی دەیەوێ فێڵی لێ بکات، بۆیە بە نەزانی ساویلکەیی خۆی دەچێتە نێو بیرەکە، بزنەکە لەبەر ئەوەی شاخەکانی گەورە و بە هێز دەبن، پێیاندا هەڵدەگەڕێ و خۆی دەخاتە سەر پشتی بزنەکە و دواتر خۆی هەڵدادەتە دەرەوە و رزگاری دەبێت و، لە دەرەوەیش گاڵتە بە بزنەکە دەکا و دەڵێت:

«سەد حەیف و مخابن دیارە مێشکت وەکو ریشەکەت باش نییە، چونکە دەبوو بەر لەوەی بێیتە نێو بیرەکەوە باش باش سەیری ناوەوەت بکردایە و بیرت لەوە بکردایەتەوە، ئایا چۆن دێیتە دەرەوە، ڕێوییە فێڵبازەکە ئەوە دەڵێ و، بزنە نەزان و بەستەزمانەکە لە نێو بیرەکە جێ دێڵێ و تێ دەتەقێنێ و هەڵدێ و لەو ناوە وەدوور دەکەوێتەوە.

منداڵە ئازیزەکان؛ ئەم چیرۆکە ئامۆژگاریمان دەکات، کە بەر لەوەی هەر کارێک بکەین، دەبێ بە باشی بیری لێ بکەینەوە.



## هەتاو و ڕەشەبا

جارێکیان هەتاو و ڕەشەبا دەبێتە شەڕە قسەیان و، ڕەشەبا بە هەتاو دەڵێت:

من لە تۆ بەهێزترم و، دەم و رووومەتەکانیشی پڕ لە هەوا دەکات.

هەتاو لە وەڵامـدا دەڵێت: قـسـەی قـۆڕ نەوەڵڵا مـن لە تۆ بە هـێـز ترم و، هەمـوو کەسیش ئەو راستییە دەزانێت.

ئەوان لەو شەڕە قسەیەدا دەبن، لەپڕ چاویان بە پیاوێک دەکەوێت، کە بە پێشیاندا ڕەت دەبێ و کڵاو و ساقۆیەکی لەبەردا دەبێت، ڕەشەبایەکە دەڵێت:

دە سەیری ئەو پیاوە بکە، ئەوەتا وا ساقۆکەی کراوەتەوە، ئێستا دەتوانین گرەوێک بکەین و، هەر کـام لە ئێـمـە بتـوانێ سـاقـۆکـە لەبەر ئەو پیـاوە بکاتەوە، ئەوە ئەو گرەوەکەی بردۆتەوە.

ڕەشـەباکـە هەتا توانای هەیە زۆر بە توندی هەڵدەکا و لەسـەروو و خـواروو و، رۆژهەڵات و رۆژئاوا فوو لە پیاوەکە دەکات و، پیاوەکەیش کڵاوەکەی زێتر بە سەریەوە توند دەکـات و سـاقـۆکەشی دادەخـات و، لە ئەنجـامـدا ڕەشـەباکـە مـاندوو دەبێت و دەوەستێ تاوەکو نەختێ بحەسێتەوە، ئینجا نۆرەی هەتاو دێت.

هەتاویش سەر لە ژێر هەورەکە دەردەهێنێ و تیشکی زەرد و جوانی خۆی دەخاتە ڕوو، پیاوەکە گەرما کاری تێ دەکا و لە بەرخۆیدا دەڵێت:

ئای کە خەریکە دنیا گەرم دادێت، ساقۆکەی لەبەر دەکاتەوە و دەیکاتە سـەرین و لەژێر دارێکدا باویشکی دێتێ و خەو دەیباتەوە و دەخەوێت.

ئینجا هەتاوەکە زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ بە ڕەشەباکە دەڵێت:

براله خۆ ئەوە من بردمەوە، دیارە منیش لە تۆ بە هێز ترم.

بۆیە هەمیشە مرۆڤی ئارام و لەسـەرەخۆ لەوانە باشترن، کە زوو هەڵدەچن. دیارە دەمێکیشە گوتوویانە؛

«بە ریش نییە بە ریش نییە».



## هەتاو و ڕەشەبا

جارێکیان هەتاو و ڕەشەبا دەبێتە شەڕە قسەیان و، ڕەشەبا بە هەتاو دەڵێت:

من لە تۆ بەهێزترم و، دەم و روومەتەکانیشی پڕ لە هەوا دەکات.

هەتاو لە وەڵامدا دەڵێت: قسەی قۆڕ نەوەڵلا من لە تۆ بە هێز ترم و، هەموو کەسیش ئەو راستییە دەزانێت.

ئەوان لەو شەڕە قسەیەدا دەبن، لەپڕ چاویان بە پیاوێک دەکەوێت، کە بە پێشیاندا ڕەت دەبێ و کڵاو و ساقۆیەکی لەبەردا دەبێت، ڕەشەبایەکە دەڵێت:

دە سەیری ئەو پیاوە بکە، ئەوەتا وا ساقۆکەی کراوەتەوە، ئێستا دەتوانین گرەوێک بکەین و، هەر کام لە ئێمە بتوانێ ساقۆکە لەبەر ئەو پیاوە بکاتەوە، ئەوە ئەو گرەوەکەی بردۆتەوە.

ڕەشەباکە هەتا توانای هەیە زۆر بە توندی هەڵدەکا و لەسەروو و خواروو و، رۆژهەڵات و رۆژئاوا فوو لە پیاوەکە دەکات و، پیاوەکەیش کڵاوەکەی زێتر بە سەریەوە توند دەکات و ساقۆکەشی دادەخات و، لە ئەنجامدا ڕەشەباکە ماندوو دەبێت و دەوەستێ تاوەکو نەختێ بحەسێتەوە، ئینجا نۆرەی هەتاو دێت.

هەتاویش سەر لە ژێر هەورەکە دەردەهێنێ و تیشکی زەرد و جوانی خۆی دەخاتە ڕوو، پیاوەکە گەرما کاری تێ دەکا و لە بەرخۆیدا دەڵێت:

ئای کە خەریکە دنیا گەرم دادێت، ساقۆکەی لەبەر دەکاتەوە و دەیکاتە سەرین و لەژێر دارێکدا باویشکی دێتێ و خەو دەیباتەوە و دەخەوێت.

ئینجا هەتاوەکە زۆر بە هێمنی و لەسەرخۆ بە ڕەشەباکە دەڵێت:

براله خۆ ئەوە من بردمەوە، دیارە منیش لە تۆ بە هێز ترم.

بۆیە هەمیشە مرۆڤی ئارام و لەسەرەخۆ لەوانە باشترن، کە زوو هەڵدەچن. دیارە دەمێکیشە گوتوویانە؛

«بە ریش نییە بە ریش نییە».





## بۆق و مانگا

جارێکیان مانگایەک لە دەراوێکدا دەلەوەڕێ و بە ڕێکەوت بەسەر هەندێ بێچووە بۆق دەکەوێ و زۆر ئازاریان دەدات، یەکێ لە بێچووە بۆقەکان لە ترسان بە پەلە بەرەو ڕووی دایکی ڕا دەکات بۆ ئەوەی لە ڕووداوەکە ئاگاداری بکات و، لە دوورەوە هاوار دەکا و دەڵێ:

«دایە... دایە، ئاژەڵێکی زۆر مەزن بە هەر چوار قاچییەوە بە سەر من و براکانم کەوت».

دایکەکەی لێی پرسی ڕووداوەکە چۆن بوو ڕۆڵە؛ ئەویش لە وەڵامدا گوتی:

«بە هەر چوار قاچە گەورەکانییەوە بە سەرمان کەوت»

– چوار قاچی گەورە؟!، چەند گەورە دەبوو، خۆی فوو کردو گوتی هێندە گەورە دەبوو؟.

بێچووە بۆقەکە گوتی:

«نەخێر زۆر لەوە گەورە تر دەبوو!».

دایکەکەی هێشتا خۆی فوو دەدات و دەڵێ؛ باشە لەوەیش گەورە تر دەبوو؟!

بێچووەکەی دەڵێ: بەڵێ لەوەیش گەورە تر دەبوو.

ئینجا دایکەکەی بۆ جاری سێیەم فووی لە خۆی کرد؛ بەڵام بێچووەکەی دەڵێ؛ دایە گیان من دەتوانم بڵێم ئەو ئاژەڵە هێندە گەورە بوو هەر چەندی خۆت فوو بدەیت تا دەتەقی هێندی ئەو گەورە نابی.

دایکەکەی دیسانەوە دەکەوێتە فوودانی خۆی فوو... فوو... فوو...، هێندەی فوو لە خۆ کرد تاوەکو هێندەی باڵۆنێکی گەورەی لێ هات، لەپڕ تەقی و پارچە پارچە بوو، هیچی لێ نەمایەوە و هەپڕون بە هەپڕون بوو.

بۆیە گوتوویانە؛ ئەو کەسەی هەوڵی ئەوە بدات لە قەوارەی خۆی زێتر گەورە ببێت بێ ئەقڵە.



# حاجی لەق لەق و مام ڕێوی

ڕۆژێکیان حاجی لەق لەقێک لەسەر کانیاوێک خەریکی ئاو خواردنەوە دەبێت، ڕێوییەک دێتە لای و سڵاوی لێ دەکا و پێی دەڵێت:

«دۆستی ئازیزم، ماوەیەکی زۆرە نەم دیوی، غەریبیم کردووی، بۆ نایەی داوەتی من بی و نانی نیوەڕۆ بە یەکەوە بخۆین».

حاقی لەق لەقەکە دەڵێت: زۆر سوپاست دەکەم و، بە خۆشییەوە قەبووڵی دەکەم.

حاجی لەق لەق بەرەو ماڵی مام ڕێوی بەڕێ دەکەوێت و، ڕێوییەکەیش خواردن لە نێو دوو قاپی پەل دا ئامادە دەکات و دەیخاتە بەر دەم خۆی و لەق لەقەکە.

ڕێوییەکە زۆر بە ئاسانی خواردنەکە دەخوات؛ بەڵام لەق لەق لەبەر ئەوەی دەنووکی درێژە و لە نێو قاپە پەلەکەدا هەرچەند هەوڵ دەدات خواردنەکەی بۆ هەڵناگیرێ و ناخورێ و ئەو ڕۆژە لەق لەق بە برسێتی دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا سوپاسی ڕێوییەکە دەکات بۆ ئەو داوەتەی کردوویەتی و، هیوای ئەوەیش دخوازێ کە بۆ ڕۆژی دواتر ڕێوییەکەیش داوەتی ئەو قەبووڵ بکات، ڕێویش هەر زۆر بە خێراییەوە داوەتەکەی لەق لەق قەبووڵ دەکات، چونکە زۆری حەز لە خواردنی بە خۆڕایی دەکرد، تەنانەت بۆ ئەو ڕۆژەیش لە بەیانییەوە تا ئێوارە هیچ ناخوات و نایەوێت خۆی تێر بکات، زێتریش لەبەر ئەوەی بەو هیوایە دەبێت خواردنێکی خۆش و چەور لە لای حاجی لەق لەق بخوات. کاتێکیش کە ڕێوییەکە دەگاتە ماڵی حاجی لەق لەق، زۆر زۆر بەخێرهاتنی دەکات و، خواردنێکی باشیشی بۆ خۆی و میوانەکە ئامادە کردووە؛ بەڵام لەق لەق خواردنەکە لە لیوانێکی خەرتوومی باریک دەکات و، بە دەنووکە درێژەکەیەوە زۆر بە ئاسانییەوە خواردنی نێو لیوانە قووڵ و باریکەکە دەردێنێ و دەیخوات؛ بەڵام مام ڕێوی دەم و لووتی بە نێو لیوانەکەوە ناچێت و ناشتوانێت هیچ بخوات، بۆیە ناچار دەبێت دەورو بەری لیوانەکە بلێستەوە و هەر تەنها بۆنی خواردنەکە بکات، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ بەو شێوەیە فەرامۆشی بێت، ئیتر بەم شێوەیە ڕێوییەکە بە برسێتی و تووڕەییەوە بەرەو ماڵ دەگەڕێتەوە و، لە ئاست ئەو گاڵتەیەی حاجی لەق لەق پێی کردووە بێزار و دڵ تەنگ دەبێت.

هەر بۆیەشە کە گوتوویانە؛ «ڕێز لە خەڵک بگرە، بۆ ئەوەی خەڵکیش ڕێزت لێ بگرێت».



# مشک و سەگاو

مشکێکی بچووک زۆری برسی دەبێ و، لەپڕ تاوورەگە گەنمێک دەدۆزێتەوە، زۆر هەوڵی ئەوە دەدات کونێکی بچووک لە تاوورەگەکە بدۆزێتەوە، هەرچی چۆنی بێت تاوورەگەکە کون دەکات و دەچێتە نێویەوە و  دەست بە گەنم خواردن دەکات و زۆریش لە ئەندازەی خۆی زێتر دەخوات، تا بەتەواوی تێر دەبێت. پاشان کە دەیەوێ  بێتە دەرەوە لەبەر ئەوەی زۆری خواردووە و هەڵ ئاوساوە بۆی ناکرێ بێتە دەرەوە، ناچار دەست بە نووزە نووز دەکات.

لەو کاتەدا سەگاوێک خەریکی ئەوە دەبێت لە ئاو بپەڕێتەوە، کە گوێی لە دەنگی مشکەکە دەبێ، دەوەستێ تا بزانێ چی روویداوە، کە لە بەسەرهاتەکە حاڵی دەبێت، مشکەکە دەڵێت:

«هاوڕێی ئازیز، دیارە تۆ لە خۆت زێترت خواردووە، سەیری خۆت بکە چیت بەسەر هاتووە، ئەگەر دەشتەوێ بێیتە دەرەوە، باشترین رێگا ئەوەیە هەر لەنێو تاوورەگەکە بمێنیتەوە و، ماوەیەک هیچ نەخۆیت تا وەکو جاران لاواز دەبییەوە، ئیتر وەک چۆن چویتە نێو تورەگەکەوە، ئاواش دێیتە دەرەوە. بۆیە مرۆڤ نابێ لە ئەندازەی خۆی زێتر هەڵگرێ، خۆ ئەگەر کاکەیش هی خۆت نەبێت، ئەوە کادانەکە هی خۆتە.





# شاژنە شێر

دەڵێن جارێکیان هەندێ ئاژەڵ و باڵندە کۆ دەبنەوە بۆ ئەوەی بزانن کامیان زێتر بێچوویان دەبێ، یان هەڵی دێنن، یان لە ڕووی ئەندامی خێزانەوە، کامیان لەوەی دیکە زێترە.

سەرەتا ماسیگر  دێتە قسە و دەڵێ:

«من پێنج دانە هێلکەم لە هێلانەکەی خۆمدا هەن، ئەوەیش باوەڕ ناکات  با بچێ بیانژمێرێ».

مشک لەو لاوە دەڵێت:

«جا خۆ ئەوە هەر هیچ نییە، ئەوەتا من هەشت بێچووم هەن و، لە هەفتەی داهاتوویشدا هەشتی دیکەشم دەبن.

بەرازیش دەڵێ:

«بێگومان هەشت دانە ژمارەیەکی باشە؛ بەڵام باوەڕتان بێت شەرم دەکەم، گەر لە سێزدە بێچوو کەمترم ببێت».

بەم جۆرە یەک بە دوای یەک باسی خۆی دەکات و، هەر هەمووشیان لەخۆبایی بوونیان پێوە دیار دەبێت؛ بەڵام مار لەو بڕوایەدا دەبێت، کە هەر خۆی گرەوەکەی بردۆتەوە، چونکە هیچ کات لە (٢٠)  بێچوو کەمتر هەڵناهێنێ.

ئیتر بەم شێوەیە پروپاگەندە بۆ خۆیان دەکەن و، لەدواییدا وەبیریان دێتەوە، کە هێشتا شاژنە شێر لەم بارەیەوە هیچ قسەیەکی نەکردووە. بۆیە هەر هەموویان لێی نزیک دەکەونەوە و دەڵێن: ئەی  ئێوە شاژنە شێری دارستان بە یەک زگ چەند بێچووە شێرت دەبێت.

ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت:

«یەک بێچوو، ئەویش یا (شا)یە، یان شاژنی دارستانەکەیە».

هەر بۆیەش کە گوتوویانە: «جۆر لە ژمارە باشتر و پەسند ترە».





# کۆتر و مێروولە

جارێکیان مێروولەیەک بۆ ئاو خواردنەوە دەچێتە نێو باخچەیەکەوە و، لەپڕ دەکەوێتە نێو ئاوەکە و خەریک دەبێ بخنکێ. لە بەختی ئەودا کۆترێک بەسەر لقی دارێکەوە دەبێت و بە وردی سەیری مێروولەکە دەکات بۆ ئەوەی بزانێ چی بەسەر دێت و بەچی دەگات، کە دەزانێ زۆر بێ چارە بووە و خەریکە دەخنکێ، بەزەیی پێدا دێتەوە و گەڵایەک لە دارەکە دەکاتەوە و بە دەنووک بۆی فڕێ دەداتە نێو ئاوەکەوە، مێروولەکەیش هەر زوو خۆی بە گەڵایەکەوە دەگرێ و، بەسەریدا هەڵدەگەڕێ و لە مردن رزگاری دەبێت. هەر لەو کاتەدا راوچییەک خەریکی ئەوە دەبێت تۆڕەکەی هەڵداو کۆترەکە بگرێت، لەملاوە مێروولەکە بەخێرایی را دەکات و گازێکی توند لەقاچی راوچییەکە دەگرێ و، راوچییەکەیش لەبەر ئازاری قاچی تۆڕەکە فڕێ دەدا و خەریکی ئازاری قاچەکەی دەبێت، کۆترەکەیش هەر زوو لە شەقەی باڵ دەدا و دەفڕێ و رزگاری دەبێت.

دیارە لە کۆنیشەوە گوتوویانە؛ «ئەگەر چاکە لەگەڵ یەکێکدا بکەیت، ئاکامەکەی بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە»، هەروەها گوتووشیانە: «چاکە چاکەی بە دوادا دێت».





## مشک و پشیله

پشیلەیەک زۆر پیر دەبێ، توانای ئەوەی نامێنێ چیتر بە دوای مشکان بکەوێ و ڕاویان بکات، ڕۆژێکیان بیر لەوە دەکاتەوە ڕێگەیەک بۆ ڕاوکردنی مشکان بدۆزێتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

«چاکترین ڕێگە ئەوەیە وا لە خۆم بکەم، کە هەگبەی پێڵاوانم؛ چونکە زۆر جاران دیومە کاتێ، کە هەگبەکە بە دیوارەوە هەڵدەواسن مشکی تێدەچێت، ئیتر کە مشکەکان وا هەست دەکەن من هەگبەی پێڵاوەکانم بەرەو ڕووم دێن، هەر کە لێم نزیک دەبنەوە گورچ دەیان گرم».

پشیلەکە دەچێتە ژوورەوە و خۆی بە دیوارەکەوە هەڵدەواسێ بەو ئومێدەی مشکان بێن و نەزانن پشیلەیە و هەر بە هەگبەی پێڵاوانی بزانن؛ بەڵام دیارە مشکان لە دوورەوە چاویان پێی دەکەوێ و، دیارە مشکێکی پیری دنیا دیتەش لە نێو مشکەکان دەبێت، بەوانەی دیکە دەڵێت:

«مشکینە من زۆر هەگبەی پێڵاوانم دیون، بەڵام باوەڕ بکەن ئەوە یەکەم جارە هەگبەیەک ببینم سەری پشیلەی لەسەر بێت».

مشکەکانی دیکە، کە لەو کەم تەمەنتر دەبن دەڵێن:

«بە خوا تۆ ڕاست دەکەی، دە هەر لێی گەڕێن با هەتا حەز دەکات هەر لەوێ بە هەڵواسراوی بمێنێتەوە، ئێمەش قەت نزیکی نابینەوە، با هەر بەم حەسرەتەوە بێت».

هەر بۆیەش ڕاستیان گوتووە، کە:

«کە مرۆڤی ژیر هیچ کات ساویلکە و نەزان نابێ و، بە ئاسانیش خۆی بە دەستەوە نادات».



## کەر و کلۆ

دەڵێن جارێکیان کەرێک زۆر بە خۆشی دەژیێ هەمیشە خەریکی گیا و گوڵ خواردن دەبێت، لە ناکاو گوێی لە دەنگی چەند کلۆیەک دەبێت و دەڵێت:

«ئای کە ئاوازێکی خۆشە و منیش ئارەزوو دەکەم دەنگم ئاوا خۆش بێ».

کەرەکە چەند جارێک هەوڵی ئەوە دەدات گۆرانی بڵێ، بەڵام بێ سوود دەبێ، چونکە هەر زەڕە زەڕی بوو دەنگەکەشی بە دڵدا نەدەچوو.

کەرەکە لە دڵی خۆیدا دەڵێ؛ ڕەنگە ئەم کلۆیانە جۆرە خواردنێکی تایبەت بخۆن، بۆیە دەنگیان وا خۆشە، باشتر وایە لێیان بپرسم بۆ ئەوەی منیش هەمان خواردن بخۆم، بەڵکو دەنگم وەکو ئەوان خۆش بێت... ئیتر لێیان نزیک دەبێتەوە و سڵاویان لێ دەکا و پێیان دەڵێت:

«کلۆ ئازیزەکان؛ دەکرێ پێم بڵێن ئێوە ڕۆژانە چ جۆرە خواردنێک دەخۆن و، چۆن دەنگتان وا خۆش بووە؟».

کلۆکانیش دەڵێن:

«لە ڕاستیدا ئێمە بەیانی و نیوەڕۆ و ئێواران خوناوی سەر گەڵای دارەکان دەخۆین و، لەوەیش زێتر هیچی دیکە ناخۆین».

کەرەکەش نەختێ بیر دەکاتەوە و دەڵێ:

«خۆ لەوە چاکتر نییە، بەخوا منیش لەمەو دوا هەر خوناوی سەر گەڵاکان دەخۆم، بەڵکو منیش وەکو ئەوان دەنگم خۆش بێت».

کەرەکە لەوە بە دوا قسەی کلۆکان لە گوێ دەگرێ و، بەیانی و نیوەڕۆ و ئێواران لەوە زێتر هیچ شتێکی دیکە ناخوات، چەند هەفتەیەک پێ دەچێ، کەرەکە ڕۆژ دوای ڕۆژ بێ هێز و لاواز دەبێت و، دوای ئەوە توانای لێ دەبڕێ و نەخۆش دەکەوێت و، هەر تەنها نووزەی لێوە دێت (هی... هاو، هی... هاو).

منداڵە شیرینەکان؛ دیارە هەندێ شت بۆ کەسانێک باش بێت؛ بەڵام بۆ هەندێکی دیکە باش نەبێت و زەرەری هەبێت.





# گورک و بەرخ

ڕۆژێ لە ڕۆژان گـورگـێکی ڕاوکـەر تینووی دەبـێ و دەچێـتـە سـەر ڕووبارێـک بۆ ئاو خواردنەوە، لەوێ لەپڕ چاوی بە کاریلەیەکی جـوان دەکەوێت، کە لە نێـو سـەوزە گـیا و دەوروبەری ئاوەکەدا خەریکی یاری کردن دەبێت.

گورگەکە بە توڕەییەوە هاوار لە کاریلەکە دەکات و دەڵێت:

«زوو بە لە نێـو ئەم سـەوزە گـیا و ئاوە وەدەرکـەوە، ئەوە نابینی تۆ چی دەکـەی؟! بۆ ئاوەکەم لێ لێڵ و پیس دەکەی؟»،

کاریلەکەش لە وەڵامدا دەڵێت:

«نەخێر گەورەم، ئەی ئەوە نییە تۆ لە سەروی منەوە، ئەو ئاوەی تۆ دەیخۆیتەوە بەرەو لای من دێت، ئەو شوێنەی من یاری لێ دەکەم هەرگیز ئاوەکەی بۆ لای تۆ نایێت».

گورگەکە بەم قسانە زێتر تووڕە دەبێ و هەڕەشەی لێ دەکات و دەڵێت:

« دە باشە ئەوە من دەزانم، کە تۆ گاڵتە بە من دەکەی و پێویستە لە بەرامبەر ئەوەدا داوای لێبووردنم لێ بکەی».

هەر چەندە کاریلەکە بە نەرمی و لەسـەرخۆ قسە لەگەڵ گورگەکە دەکات؛ بەڵام ئەو لە هەڕەشـەی خۆی ناکەوێ و گەرەکێتی بیانووی پـێ بگرێ، بۆیە دووبارە کاریلەکە لـێی دەپاڕێتەوە دەڵێت:

« قوربان خۆت دەمبینی، کە من بچووکم و ئەو بەهارە هاتوومەتە سەر دنیا، لەوەتەی لە دایکم بوومە بەڕێزتانم نەدیووە، جا چۆن دەتوانم گاڵتەتان پێ بکەم».

گورگەکە لە وەڵامدا دەڵێت:

«کەواتە ئەگـەر تۆ نەبووی، دیارە باوکت بووە گـاڵتـەی پـێ کردووم». ئیـتـر گـورگـەکە ددانەکانی لێ جیڕ دەکاتەوە و بەسەریدا دەنەڕێنێ و، دەڵێت:

«دەزانی ئیتر من توانای ئەوەم نەماوە گوێ لە قسەکانت بگرم، بڕۆ زوو لەبەر چاوانم بزر بە، ئەگینا بۆ نیوەڕۆ دەتکەم بە قاوەڵتی و دەتخۆم».

ئینجا کاریلەکە هەر زوو لە نێو ئاوەکە وەدەر دەکەوێ و لەو شوێنە دوور دەکەوێتەوە.

منداڵە خۆشەویستەکان؛ لەم چیرۆکەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە «مرۆڤی گەوج هیچ کات گوێ لە قسەی کەسانی دیکە ناگرێت».



# قەلەڕەشێکی لە خۆبایی

جارێکیان قەلەڕەشێک لە باخچەیەک دەژیا و باخچەکەیش چەند تاووسێکی جوانی لێ دەبێ، قەلەکە لە دڵی خۆیدا دەڵێ: «ئەم تاووسانە زۆر جوانن، تەنانەت زۆریش لە من جوانترن، خۆزگە منیش وەکو ئەوان جوان بوومایە».

لە ئاکامدا قەلەکە بڕیاری ئەوە دەدات پەڕی تاووسەکان کۆ بکاتەوە و، کە ژمارەیەکی باشی لێ پەیدا کرد و زانی بەسیەتی، کەوتە دابەش کردنی پەڕەکان بەسەر پشت و سنگ و باڵ و قاچ و هەندێکیشی خستە سەر سەریەوە، بەم شێوەیە زۆر لە خۆبایی و رازی بوو، بەجۆرێ کە خۆی وەکو پاشایەک دەهاتە بەرچاوان.

ئینجا لە دڵی خۆیدا گوتی:

«ئێستا منیش زۆر جوانم، دەبا بچمە نێو تاووسەکان و کاتێکی خۆشیان لەگەڵدا بەسەر بەرم».

قەلەڕەشکە خۆی وەکو تاووس دەهاتە بەرچاو، کە چووە نێو تاووسەکان و، چاویان پێی کەوت زۆر دڵگیر بوون کە زانیان قەلەڕەشکە فێڵی لێ کردوون و شتێکی سەیریشی لێ دەرکەوتووە، بۆیە بڕیاریان دا پەلاماری بدەن و هەموو پەڕەکانی لێ بکەنەوە.

تاووسەکان پێیان گوت: قەلەڕەشکە، ئەوە چیت کردووە؟!

تاووسەکان لەوە زێتر مۆڵەتیان نەدا و پەلاماریان دا و بە دوای کەوتن و لە نێو باخچەکەش وەدەریان نا.

ئینجا قەلەڕەشکە بیری لەوە کردەوە، کە بگەڕێتەوە لای برادەرانی؛ بەڵام لەبەر ئەوەی زۆر بێ ڕێزی پێیان کردبوو، ئەوانیش حەزیان بەوە نەدەکرد خۆیانی تێ بگەیەنن، بەڵکو تەنها هەر هێندەیان پێی گوت:

«بڕۆ تۆ هاوڕێی ئێمە نیت، چونکە نەدەبوو لە سەرەتاوە هێندە لە خۆبایی بیت و، خۆت وا لەبەر چاوان ناشیرین بکەیت، بەڵکو دەبوو هەر زوو ئەوەت بزانیایە، کە قەلەڕەشکە هەر قەلەڕەشکەیە و، تاووسیش هەر تاووسە.

ئیتر قەلەڕەشکە، کە ئەوەی گوێ لێ بوو، زۆر هەستی بە کەمی و بێ ئەقڵی و نەزانینی خۆی کرد و، دیارە پەشیمانیش کارێکی بێ ئاکام و بێ سوودە.

بۆیە وا چاکە بەر لەوەی کارێک بکەیت دەبێ بە وردی بیری لێ بکەیتەوە.





## له تەویلەی ئەسپدا

جارێکیان سەگێک تەویلەی ئەسپێکی داگیر کرد، ویستی تیایدا بژی، ئەسپەکەش زۆر تووڕە بوو و، گوتی سەگ تەنها گۆشت و ئێسک دەخوا حەزی لە قەسەڵی گیا و گوڵ نییە، کە خواردەمەنی ئێمەیە، هەتا تەویلەی منیش جێگای ژیانی ئەو نییە و ناتوانێ تیـــایدا بژی، باشـــە بۆ دەبێ واز لە من نەهێنێ و وارم چۆڵ نەکـــات و بگەڕێتەوە شوێنی خۆی، خۆ من نامەوێ واری ئەو داگیر بکەم و حەزیشم لە شەڕی ئەو نییە، بەڵام سەگەکە زۆر بە تووڕە بوونەوە رەفتاری لەگەڵ ئەسپەکە دەکرد و دەیویست بە زۆری ئەسپەکە ناچار بکات تەویلەکەی بۆ بەجێ بهێڵێ، بەڵام ئەسپەکە نەیدەتوانی واز لە واری خۆی و باب و باپیرانی بهێنێ بۆ سەگێک و، ئاوارە بێت بۆیە ئەسپەکە گوتی: ئەگەر ئەو سەگە بەدفەڕە وازم لێ نەهێنێ و لانەم چۆڵ نەکا و نەگەڕێتەوە شوێن جێگای خۆی، ئەوا نە خواردنم بە کەڵکی ئەو دێ و نە جێگام ئەو دەحەوێنێتەوە ئەوە ناچارم هەموو هێز و توانام بە کار بهێنم و هەوڵ بدەم بە هەموو شێوە دەری بکەم و، لە خۆمی دوور بکەمەوە، هەتا ئەگەر بێت ژیانیشم لە پێناوی لانەکەم بەخت کردبێ.